## بڵند ئیبراهیم:

# هەر گۆرانییەک کاریگەریی بەسەر خودی هونەرمەندەوە هەبێت سەرکەوتووە

**بڵند ئیبراهیم بەوە ناسراوە کە لە هەڵبژاردنـــی گۆرانییەکانیدا زۆر سەرکەوتووە، ئەمە جگە لەشێوەی ئـــەدا کردنی، بڵند کـــە خەڵکی دەڤەری شـــنگالە، لە تەمەنێکی زووەوە هاتۆتە نێو بواری گۆرانی و موزیکی کوردییەوە و بە هەردوو زاراوەی کرمانجـــی و ســـۆرانی گۆرانی گوتووە، بەشێکی زۆری گۆرانییەکانی، خۆی ئاوازی بۆ داناوە، ئێستا مامۆستای هونەرە جوانەکانی دهۆکە، لە دیمانەیەکدا وەڵامی چەندین پرسیاری گوڵانی دایەوە.**

***تۆ یەکێکی لەو هونەرمەندانەی کـــە لە ســـەرەتای هاتنە نێو بـــواری هونەرییـــەوە جۆرێك لە ســـەقامگیری لە کەسایەتیت بەدی دەکرێت چ وەك هونەرمەند یان وەك کەســـێکی ئاســـایی و، ئەمەش هۆکارێکی گرنگی سەرکەوتنی هونەرمەندە، ئەمە زیاتر بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

-ئەمە بۆ من مایەی ڕێز و شـــانازییەکی گەورەیە و هەست بە خۆشی و ئارامییەکی زۆر دەکەم ئەگەر تێڕوانینی جەماوەر بۆ من بەم شێوەیە بێت، مرۆڤ ناتوانێت هۆکاری سەرکەوتن و ســـەقامگیری خۆی بۆ شتێکی دیاریکراو بگەڕێنێتەوە، بەڵام من ســـوودم لەزۆر شـــت وەرگرت بۆ ئەوەی بگەم بەم ئاستەی ئێســـتا. یەکێك لەوانە خوێندنم لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکان و ئەو مامۆســـتایانەی بـــۆ ماوەیەکی کورتیـــش بێت منیان پەروەردە کردووە، هەروەها پاڵپشـــتی و هاریکاریی خانەوادەکەم بەتایبەتی باوکم کە هاندەرێکی زۆرم بووە، هۆکاری سێیەمیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە من کوڕی پێشـــمەرگەیەکی ئەیلوولم، ئێمە نەفـــی کراوین بۆیە پەروەردە کردنـــی باوکم و مامەکانم بەتایبەتی لەلایەنی کوردایەتییەوە لە سەرەتادا کاریگەرییەکی زۆریان بەسەر منەوە هەبووە کە هەستی نەتەوەییم بەهێزتر بێت و ئەرکەکانی سەرشانم بزانم و بەباشترین شێوە بەجێیان بگەیەنم.

*** ئەمە لەلایەنی پەروەردەیی و کەسایەتییەوە، ئەی لەلایەنی هونەرییەوە ئەم ســـەقامگیرییەت چۆن دروست کرد، بۆ نموونە تا ئێســـتا بە دەگمەن گوێمان لە شتێکی تایبەت بووە دەربارەی بڵند ئیبراهیم کە ســـلبی بێت، یـــان لێدوانێك خرابێتە پاڵ بڵند ئیبراهیم کە وا نەبێت؟**

-سەرکەوتنی لایەنی هونەریم بۆ ئەو بەهرەیە دەگەڕێتەوە کە مـــن هەر لە منداڵییەوە خاوەن بەهرەیەکی هونەری بووم و حەزم لە گۆرانـــی و موزیك دەکرد، بێگومـــان خانەوادەکەم لەمەش کاریگەرییان بەســـەر منەوە هەبووە، چونکە کاتێك لە ساڵانی حەفتاکانی ســـەدەی رابردوو ئێمە هاتین بۆ شـــاری دهۆك بە دەگمەن ماڵ هەبوو لە شـــنگاڵ کە ئامێرێکی تەمبوریان تێدا نەبێـــت و هەموویان حـــەزو خولیایەکیان بـــۆ گۆرانی هەبوو، بێگومان ئەم حەز و خولیایە بۆ گۆرانی و موزیك کاریگەرییان بەســـەر منەوە هەبووە، چونکە هەر لـــە تەمەنی منداڵیدا من لە ماڵەوە گوێم لە گۆرانییەکانی شـــڤان پـــەروەر و محەمەد شـــێخۆ دەبوو ئەمانە زیاتر منیان هاندا بـــۆ ئەوەی بچمە نێو بواری هونەرییەوە، هەروەها ئەو بەهرە هونەرییەی کە خوا پێی بەخشـــیوم لەگەڵ خوێندنم لە پەیمانـــگا و ماندووبوونی خۆم توانیم شـــێوازێکی تایبەت بۆ خۆم درووست بکەم و بەو شێوەیە بەردەوام بم.

*** ئەوەی گوێ لە گۆرانییەکانت بگرێت هەست بەوە دەکات کە ماندووبوونێکی زۆری پێـــوە دیارە** لە **هەڵبژاردنی تێکســـت** و **ئـــاواز ئایا لەم هەڵبژاردنانە تۆ تەنیا پشت بە خۆت دەبەستیت یان بە کەسانی دیکەش ؟**

- لە رووی ئاوازەوە زۆربەی ئاوازەکان خۆم دایاندەنێم، چونکە پێشـــتر ئاوازم لە هەندێك هونەرمەنـــد وەرگرتوون بەڵام ماوەی چەند ســـاڵێك دەبێت بەشـــی هەرەزۆری ئاوازی گۆرانییەکانم هی خۆمە، من تێکســـت و شیعر نانووسم، چونکە ئەمە کاری من نییە و لە چەند کەســـێکی نزیکی خۆم وەریاندەگرم، بەڵام شیعرەکان خۆم هەڵیاندەبژێرم لەمەشدا ئەو تێکستانە هەڵدەبژێرم کاتێك گەنجێك گوێی لێ بێت وا هەست بکات بۆ ئەو گوتراوە، چونکە هیچ گەنجێك یان نییە دڵی بە کەسێکەوە نەبەسترابێتەوە، بۆیە دەبێ شـــتێك بزانرێت چۆن لەگەڵ هەستی ئەم گەنجانە دەگونجێت و گوێی لێدەگرن بەجۆرێك هەســـت بکەن بۆ ئەوان گوتراوە و خۆی تێدا ببینێتەوە.

*** زۆر هونەرمەند هەن لە بواری هونەریدا ونن بەو مانایەی بە چەند ســـاڵ ئینجـــا بەرهەمێك پێشـــکەش دەکەن، کەچی هەســـت دەکەین تۆ جیاوازیت لەگەڵ ئەوانە و لە ساڵێکدا دوو بەرهەمت پێشـــکەش کرد، ئەم بیرۆکەیە چۆن لای تۆ درووست بوو ئەگەرچی بەرهەمێکیـــان زیندووکردنەوەی چەند کارێکی کۆن بوو؟**

- دوای ئەوەی من شـــێوازی خۆم دۆزییـــەوە و قۆناغێکی هونەریم بڕی و توانیم پشت بە خۆم ببەستم و بەرچاوڕوونییەکم هەبوو لەوەی چۆن هەنگاو بنێم، بۆ من ئاسایی بوو کە ساڵانە بەرهەمێـــك یان زیاترم هەبێت، ئەگەر لە ســـەرکەوتنیان دڵنیا نەبوومایە پێشکەشم نەدەکردن، من هونەرمەندێکی گۆرانیبێژم بۆیە پێویستە بەردەوام بەرهەمی نوێ پێشکەش بە جەماوەر بکەم، چونکە کاری من گۆرانی گوتنە، ئێســـتا هەندێك هونەرمەند لە کوردســـتان هەن سەرقاڵی کاری دیکەن وەك بازرگانی جگە لە هونەر یان بەرهەمیان نییە، بە بڕوای من ئەگەر هونەرمەند بەرهەم پێشکەش نەکات یان نەچێتە ئاهەنگ تەنانەت شایی و زەماوەندیش و لە جەماوەرەوە نزیك نەبێت بە ئەرکی راستەقینەی خۆی هەڵناستێت و رەنگە ئامانجی لە گۆرانی گوتن هونەر و پێشکەوتنی هونەر نەبێت، چونکە کەسانێك هەن گۆرانی دەڵێن تەنیا ناو دەرکردن و ناســـراوی یان بـــۆ ئەوەی لای ئەم و ئەو خۆشەویســـت بێت، پێویستە هونەرمەند بزانێت بۆچی گۆرانی گوتووە و حەز لە گۆرانی و موزیك دەکات.

*** ســـەرکەوتنی هـــەر هونەرمەندێك لە پێشـــکەش کردنی**



**بەرهەمێکـــی نوێدا**

**پێویســـتی بە دیراسە و لێکدانەوە، هەیە ئایا تۆ دڵنیا بوویت لە ســـەرکەوتنی دوو بەرهەم لە یەك ساڵدا یان جۆرێك لە موجازەفە بووە؟**

-ئەگەر لـــە هەنگاوەکانی خۆم دڵنیا نەبم کارێك ناکـــەم واتە ئەگەر بزانم بەرهەمێك ســـەرکەوتوو نابێ پێشکەشی ناکەم، ئەگەر بۆ ساڵی دواتریش دڵنیا بووم لە ســـەرنەکەوتنی دیســـان پێشکەشی ناکەم، تەنانەت ئەگەر گەیشـــتمە ئاســـتێکی وا بزانم ناتوانم هیچی دیکە پێشـــکەش بکەم ئامادەم بێم لەسەر تەلەفزیـــۆن رایبگەیەنـــم کە ئیتر من تـــەواو ناتوانم هیچی دیکە پێشکەش بکەم، چونکە هونەر لای من سەرمایەکە کە پێویستە بەردەوام بەرهەمی جوانتر و نوێتر پێشکەش بکەم، ئەگەر نەمتوانی بەرهەمی نوێ و جوان پێشکەش بکەم، لای من زۆر ئاساییە کە ئیتر بوەســـتم، بەڕای من ئەوە ناخۆشـــە کە بەرهەم پێشـــکەش بکەیت جـــوان نەبێت و خەڵك حەزی پێ نەکات، کاتێـــك بەرهەمێك یان زیاتر پێشکەش دەکەم دڵنیام لە سەرکەوتنی، چونکە لە بڵاوکردنـــەوەی بەرهەمدا خاڵێکی گرنگ هەیە ئەویش ئەوەیە ئەگـــەر گۆرانییەکە کاریگەریی بەسەر خودی هونەرمەندەکەوە هەبوو ئەوا بێگومان گۆرانییەکەی سەرکەوتوو دەبێت.

***کۆنسێرت زۆر بە کەمی بۆ هونەرمەندان ساز دەکرێت، لە بەرامبەردا بەشـــێکی هونەرمەندان بەشـــداری دەکەن لە ئاهەنگـــی تایبەتی ئایا بەشداری کردن لە ئاهەنگ بۆ بەردەوام و دابڕانە لە جەماوەر یان بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانە؟**


- هەر هونەرمەندێك بارودۆخی تایبەتی خۆی هەیە و من ناتوانم حوکم لەســـەر کـــەس بدەم، من بەردەوام بەشـــداری دەکەم لە ئاهەنگ وکۆنسێرت و مانگانە چەنـــد ئاهەنگێکی تایبەت ســـاز دەکـــەم، هەروەها لـــە ئاهەنگ و بۆنـــە نیشـــتیمانییەکاندا، ئاگاداری هونەرمەندانـــی دیکەش نیم، بەڵام بەشـــداریکردنی من لە ئاهەنگەکاندا بۆ مەبەســـتی ماددی نییە، چونکە من بەردەوام کار دەکەم.



# جەماوەر رقی لە جنیڤەر و جاستینە

چەند ماڵپەڕێکی هونەری لیستێکیان بڵاوکردەوە بەناوی ئەو هونەرمەندانەی کە رقیان لێیانە و خۆشیان ناوێن لە سەرتاسەری جیهان، هەرچەندە بەردەوام لە میدیاکانی جیهان باسیان دەکرێت و بە ملیۆنان هەواداریان هەیە.

لیستەکە بۆ زۆر کەس مایەی سەرسوڕمان بوو، چونکە ناوی هەندێك هونەرمەندی تێدا بوو کە پاڵەوانی فیلمە جیهانییەکانن بۆ ماوەی چەندین ساڵ و فیلمەکانیان لە سەرتاسەری جیهان بینەرێکی زۆریان هەیە، لەوانە کریستین ستیوارت پاڵەوانی فیلمی (توایلایت) کە لە ساڵانی دواییدا هەمیشە ناوی لەسەر زاری هەواداران و کەسانی پەیوەندیدار بە سینەما بووە و یەکێك بووە لەو فیلمانەی کە داهاتی زۆریان هەبووە، هەروەها لەو لیستە ناوی جنیڤەر لۆپێزیش هاتووە سەرەڕای ئەوەی بەردەوام ئاهەنگ ساز دەکات و گەشتی هونەری ئەنجام دەدات و گەشتەکانیشی لەرووی جەماوەرییەوە سەرکەوتوو بوون، کیم کارداشیان کە ماوەی چەند ساڵێکە بە هەموو وردەکارییەکانی ژیانی تایبەتی و هونەرییەوە و بەتایبەتی لەم ماوەیەدا دوای شووکردنی و جیابوونەوەی و دووبارە شووکردنەوەی و دووگیانی و کەتنە جیاجیاکانی باسی رۆژنامە و گۆڤار و تەلەفزیۆنەکان بووە ئەویش ناوی لە لیستەکەدا هاتووە، هەروەها لە لیستەکەدا ناوی جاستین پیپەری کەنەدی هاتووە کە بە سەرکەوتووترین و بەناوبانگترین گۆرانیبێژی لاو دادەنرێت ئەمەش دیسان جۆرێك لە سەرسوڕمانی دروستکرد، لە پاڵ ئەمانە ئان هاساوایش کە هەڵگری خەڵاتی ئۆسکاری باشترین ئەکتەری یاریدەدەرە ناوی لە لیستەکەدایە.



# سبیلبیرگ ئەم جارەیان کریس کایل زیندوو دەکاتەوە

بڕیار وایە فیلمی داهاتووی دەرهێنەری ناوداری ئەمریکی ستیڤن سبیلیرگ لەسەر ژیانی کریس کایل بت کە یەکێکە لە ناودارترین نیشانشکێنەکان لە مێژووی ئەمریکا و هونەرمەند برادلی کوپەری ڕۆڵی پاڵەوانییەتی تێدا ببینێت.

ڕۆژنامەی (هۆلیۆد ریپۆرتەر)ی ئەمریکی لەم بارەیەوە رایگەیاند کە فیلمە نوێیەکەی سبیلبرگ لە ژیانی ئەم نیشانشکێنە کە بەناوبانگترین نیشان شکێنە لە مێژووی سەربازی ئەمریکا، ئەم فیلمە کە جایسۆن هایل دەقەکەی نووسیوەتەوە، برادلی کوپەر کە بەرهەمهێنەری فیلمەکەیە لە هەمان کاتدا ڕۆڵی پاڵەوانیش دەبینێت و پێشبینی دەکرێت لە سەرەتای ساڵی داهاتوو دەست بە وێنەگرتنیبکرێت لەم فیلمەدا باس لەوە دەکرێت کە چۆن باوکی کایل فێرە نیشانە شکاندنی کردووە هەر لە تەمەنی ٨ ساڵیدا تا ڕۆژی کوشتنی لەسەردەستی یەکێك لە هاوڕێکانی.



# هونەرمەندە هیندییەکان دوبەی داگیر دەکەن

ئێستا جگە لەوەی دوبەی بووەتە شوێنی کار کردن بۆ هەزاران کرێکاری هیندی و ئاسیایی، لە هەمان کاتیشدا هونەرمەندە هیندییەکانیش روویان تێکردووە و خەریکی کڕینی خانوو و کاری سەرمایەداری و وەبەرهێنانن. هونەرمەندە هیندییەکان لە نێو هەموو پایتەختەکانی جیهان دوبەییان هەڵبژاردووە بۆ ئەنجامدانی کاری بازرگانی و نیشتەجێبوون بە زۆریش روویان لە کەرتی خانوبەرە کردووە بۆ وەبەرهێنان، لەم بارەیەوە ئەنیل کاپوری ئەکتەری ناوداری هیندی کە لە بەشی سێیەمی فیلمی (Mission Impossible 3) لەگەڵ ئەکتەری ناوداری جیهانی توم کروز بەشداریی کرد، شوقەیەکی لە تاوەری خەلیفە کڕیوە بە بڕی ٢٥ ملیۆن درهەمی ئیماراتی، هەرچەندە پێشتر بڵاوکرایەوە گوایە ئەنیل نهۆمی سەرەوەی هەموو کڕیوە، بەڵام بەرپرسی بەشی فرۆشتنی تاوەری خەلیفە ئەو هەواڵەی رەت کردەوە و رایگەیاند کە هونەرمەندە هیندییەکان زۆر حەزن دەکەم لە تاوەری خەلیفە شوقە بکڕن. جگە لە ئەنیل کاپور، سلێمان خانیش خانووی لە دوبەی کڕیوە، هەروەها پڕۆژەیەکی سەرمایەگوزاری ئەنجامداوە لە دوبەی و بە خۆشەویستترین و جوانترین شوێنی جیهانی وەسف دەکات، هەروەها هەریەکە لە ئیشواریا رای و شیلبا شیتی و شارۆخ خان ڤیلا و شوقەیان لە دوبەی کڕیوە تەنانەت هەندێکیان چێشتخانەیان کردۆتەوە لەوانە گۆرانیبێژ ئاشا بهسۆل.



# ئەنابیلا: من و ئەحلام هاوڕێین و هیچ ناکۆکیمان نییە

دوای ئەوەی چەند ماڵپەڕێکی ئەلیکترۆنی هەواڵی ناکۆکی نێوان ئەحلام و ئەنابیلا هیلای پێشکەشکاری بەرنامەی (ئەرەب ئایدل)یان بڵاوکردەوە بەهۆی ئەوەی ئەنابیلا بەخێرهاتنی نەوال کوێتی نەکردووە لە یەکێك لە ئەڵقەکانی بەرنامەکە، ئەنابیلا ئەم هەواڵەی رەت کردەوە.

ئەنابیلا لە لێدوانێکیدا بۆ ماڵپەڕی (سیدتی نێت) سەرسوڕمانی خۆی لە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە هەواڵە دەربڕی و وتی: بڕۆن لە ئەحلام بپرسن با ئەو وەڵامی ئەم پروپاگەندانە بداتەوە، ئێمە هاوڕێین و ئەوەی گومانی لەمە هەیە با بچی سەیری ئەڵقەکە بکات و ئەو کات دەزانی کە من بەخێرهاتنی نەوالم کردووە یان نا؟.

ئەنابیلا زیاتر وتی: کاتێك لە ستۆدیۆی بەرنامەکە ئامادە دەبم هەست دەکەم لە ماڵی خۆمم و میوانەکان میوانی منن، بۆیە پێویستە بە باشترین شێوە بەخێرهاتنیان بکەم، هەروەها تیمی بەرنامەکەش زۆر بە گەرمی ماویەتی.

خانمە گۆرانیبێژ لەنجە بۆ گوڵان:

# گۆرانیی فۆلکلۆر لە هەستم نزیکە جگەلە گۆرانی وتن زیاتر، هیچ شتیک نییە من خۆشگوزەران بکات

ئەو خاتوونە کە سەرەتا دەستی کردووە بە کاری هونەری، ئامانجێکی زۆر جیاوازی لەگەل گۆرانیبێژانی دیکەدا هەبووە. ئەویش زیندووکردنەوەی گۆرانییە کۆنەکانی هونەرمەندانی نەمری کورد وگۆرانیی ڕەسەنی کوردی بووە.خانمە گۆرانیبێژ لەنجە لەدایکبووی دەڤەری گەرمیانە و لەتەمەنی ٥ساڵیدا دەچێتە بەریتانیا و لەوێ بەردەوامی بە ژیان دەدات.تا ئێستا بەرهەمی نییە، بەڵام ١٠تراکی سینگڵی بڵاوکردووەتەوە و ڤیدیۆ کلیپێکیشی بۆ یەکێك لە گۆرانییەکانی کردووە و لەئێستاشدا سەرقاڵی چەند بەرهەمێکی نوێیە بە گۆرانی و کلیپەوە.

دیمانە/ هەژارمەموزینی



* چۆن بوو بواری گۆرانی گوتنت هەڵبژارد؟
- چونکە جگە لە گۆرانی گوتن، زیاتر هیچ شتیك نییە من خۆشگوزەران بکات، ئەمەش دوای ئەزموونێکی زۆری ژیان و گۆرانی گوتن بۆم سەلمێنرا.

* تا ئێستا کۆنسێرتت ساز کردووە؟
- بەڵێ چەندین کۆنسێرتم ساز کردووە لە وڵاتی بەریتانیا و لە کوردستان.

* چۆنە خاوەنی نزیکی ١٠تراکی گۆرانیت،بەڵام نەتکردووە بە بەرهەمێکی هونەری؟
لەنجە:هەستم نە کردووە زۆر گرنگ بێت کە ببێتە سیدیەك یان نا، چونکە بە رەهەمەکان بۆخۆیان چوونەتە نێو خەڵکەوە.
لەنجە زۆر هەوڵ دەدات بۆ زیندووکردنەوەی گۆرانییە کۆنەکان.بۆچی؟
- چونکە من هەست دەکەم گۆرانیی فۆلکلۆر لە هەستی منەوە نزیکە.

* پێتوایە تاچ ئاستێك کارئاسانییە بۆ گۆرانیبێژی کچ کە هاوسەرەکەشی گۆرانیبێژ بێت؟
لەنجە:لە راستیدا ئەگەر هاوسەری کچە گۆرانیبێژ هونەرمەند یان میوزکژەن بێت کار ئاسانیی زیاتری بۆ دەکات لە هەموو روویەکەوە، بەڵام مەرجیش نییە، گەر کەسێك بە راستی هونەر هەڵبژێریت ئەوە نێر بێت یان مێ، جیاوازی نییە.

* بەڕای تۆ ئەوروپا یان کوردستان باشتر و لەبارترە بۆ ئەنجامدانی کارە هونەریەکانتان؟

* لە ڕاستیدا بۆ ئێمە گەلێك ئاسانترە لە کوردستان کار بکەین هە تا لە ئەوروپا لەبەر زۆر هۆکار

* بەم دواییانە زۆر لە گۆرانیبێژان دووبارە گۆرانییە فۆلکلۆرییە کۆنەکانیان گوتۆتەوە. ئەمە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟
- من زۆرم پێ باشە بایەخ بە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان بدرێت، بەڵام بە شێوەیەکی باش کە مافی گۆرانییەکە بدات.

* لەکاتێکدا ئێوە دەتانەوێت بەشێوەیەکی فۆلکلۆرو ڕەسەن کارە هونەریەکانتان دەرکەوێت،بەڵام زۆر لەگۆرانیبێژانی نوێ ئەم ئارەزووانەیان لەلا نییە.چی بەو کەسانەدەڵێیت؟
- هە ر کەس ئازادە چ ستایلێك هەڵدەبژێرێت بۆ ئەنجامدانی کاری هونەری .

* ئەو بەربەستانەی ئێستا لەئەوروپا ڕووبەرووی ئێوە دەبنەوە چین؟
- خۆی بەر بەست زۆرن، چ لە رووی ژمنیارەوە هەتا کاری ستۆدیو، کاری کلیپ زۆر شی دیکەیش، بە تایبەت بۆ ئەم جۆرە ستایلەی ئێمە.

* زۆر لەهونەرمەندانی کورد کە ئێستا ماون و هەندێکیشیان کۆچیان کردووە،لەمیدیاکان زۆر دەرناکەون. پێتوایە ئەمە کار بکاتە سەر ئەوەی هونەرەکەیان ون بێت؟
- هونەری باش هەرگیز نامرێت، بە ڕای من هیچ شتێك وەك هونەر نامێنێتەوە.

# کارلا برۆنی:
# دایکایەتی لە هەموو ڕۆڵەکانی تر زەحمەتترە

هاوسەری سەرۆکی پێشووی فەرەنسی رایگەیاند کە منداڵ بوون لە تەمەنێکی درەنگدا کارێکی زۆر زەحمەتە، بۆیە ئامادەی چەند کۆرسێکی دەروونی بووە بۆ ئەوەی بزانێت چۆن مامەڵە لەگەڵ قۆناغی دایکایەتی و دەرهاوێشتەکانیدا بکات.

کارلا برۆنی هاوسەری نیکۆلا سارکۆزیی سەرۆکی پێشووی فەرەنسا کە بەر لە دوو ساڵ لە تەمەنی ٤٥ساڵیدا گیلیای کچی لە دایکبوو رایگەیاند کە دوای ئەو منداڵبوونە رووبەڕووی رەخنەیەکی توند بۆوە و زۆر کەس بە (ئافرەتە قەڵەوەکە) وەسفیان کرد و وتی: کارەکە زۆر زەحمەتە، هیچ شتێك ناتوانێت ڕێگایان لێ بگریت کە سنوور نەبەزێنن، ئەوەشی ئاشکرا کرد کە زیادبوونی کێشی لە ئەنجامی سکپڕی جۆرێك لە خەمۆکی بۆ دروستکرد، بۆیە ناچار بوو ئەم کێشەی دابەزێنێت لەژێر چاودێری جەماوەر لەو کاتەی هاوسەرەکەی سەرقاڵی خۆ کاندید کردنەوەی بوو بۆ سەرۆکایەتی فەرەنسا.

کارلا هێمای بۆ ئەوەش کرد کە ئێستا لەلایەن چەند کەسێکەوە یارمەتی دەدرێت بۆ ئەوە ئەم قۆناغە تێپەڕێنێت و بیر لە ڕێگایەکی تەندروست بکاتەوە و بەرپرسیاریەتی خۆی لە ئەستۆ بگرێت و وتی: حەز لەم جۆرە کارانە دەکەم، چونکە بە تێپەڕبوونی کات ئەگەر فەلەسەفەیەکت نەبێت لە ژیان ئەو کات هیچ حیکمەت عەقڵانیەتێکی لە ئارادا نامینێت، تەنیا رووخان نەبێت، کارلا ئەو هەواڵانەشی رەتکردەوە گوایە لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە و دەسەڵاتی بە گرفتێك وەسف کرد کە ناچار بوو مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

